





٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی ئاڵاو پێشمەرگە

# پانۆرامای ٨٠ ساڵەی
# دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

## کۆمەڵێک ڕووداو لە ٨٠ ساڵی ڕابردوو دا

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پانۆرامای ٨٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

**ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**١- ١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٥ی زایینی = ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی؛** ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد. لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ - ک). دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نوختە گۆرانێک بوو لە مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کوردو سەرەتایەک بوو لە پێک هاتنی رێکخراو و حیزبی سیاسیی پێشکەوتوو و مۆدێرن دا. چونکە پێش حیزبی دێموکڕات لە هەموو مێژووی نەتەوەی کورد دا حیزبێکی ئەوتۆ پێشکەوتوو بە بەرنامەیەکی روونەوە پێک نەهاتبوو. بۆیەش هەر لە سەرەتاوە حیزبی دێموکڕات، پشتیوانیی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریی بۆ لای خۆی راکێشا.

---

**٢- ٢٣ی ئوکتۆبری ١٩٤٥ی زایینی = ٢ی خەزڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی؛** پێکهاتنی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداری نوێنەرانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە شاری مەهاباد. (قازی محەممەد پێشەوای حیزب)

---

**٣- ٦ی دێسەمبەری ١٩٤٥ی زایینی = ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی؛** دەرچوونی یەکەم گوڤاری ئەدەبی، سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان کە بیرو بووچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو لە لایەن چاپخانەی کوردستان لە شاری مەهاباد.

---

**٤- ١٧ی دێسەمبەری ١٩٤٥ی زایینی = ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی؛** ڕۆژی چەک کردنی شارەوانی مەهاباد ئاخرین بنکەی حکومەتی ناوەندی و هەڵکردنی ئالای کوردستان و دامەزرانی هیزی سپای میللی کوردستان.

---

**٥- ١٠ی جانێویری ١٩٤٦ی زایینی = ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی؛** چاپ و بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی کوردستان کە هەتا ئێستا ٨٤٢ ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە.

---



سەرچاوە
Serchawe

٦- ٢٢ی جانێویری ١٩٤٦ی زایینی = ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی؛ لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری مەهاباد لە کۆبوونەوەیەکی پان و بەرین د کە نوێنەرانی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان تێدا بەشدار بوون، پێک هاتنی کۆماری کووردستان ڕاگەیەندراو قازی محەممەد کە ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو؛ بوو بە سەرۆک کۆماری کوردستان. لەو کۆبوونەوە دا پێشەوا قازی قسەی کردو بەرنامەی دوارۆژی کارو تێکۆشانی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند.

---

٧- ٢٣ی ئەپریلی ١٩٤٦ی زایینی = ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی؛ پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان دوو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە لایە دوو هەئیەتی ڕەسمی بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی و جەعفەری پیشەوەری لە شاری تەورێز ئیمزا کرا.

---

٨- ١١ی فێبریوێری ١٩٤٦ی زایینی = ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی؛ پێک هێنانی کابینەی وزیران بە سەرۆکایەتیی حاجی بابە شێخ لەگەڵ سێزدە وەزیری دیکە کە زۆربەیان نوێنەری چین و توێژەکانی نێونجیی شاری مەهاباد یان ئاغاو خاوەن ملکە گەورەکان بوون.

---

٩- ١٥ی مارچی ١٩٤٦ی زایینی = ٢٤ی ڕەشەمەێ ١٣٢٤ی هەتاوی؛ دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد - ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

---

١٠- ٣٠ی ئەپریلی ١٩٤٦ی زایینی = ١٠ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی؛ بۆ یەکەم جار دەزگای ڕادیۆ کە پێیان دەگوت ستاسیۆنی ڕادیۆ لە ڕێ و ڕەسمی تایبەت دا بە وتاری پێشەوا قازی لە شاری مەهاباد کرایەوە.

---

١١- ١٧ی دیسەمبەری ١٩٤٦ی زایینی = ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی؛ ڕاست ساڵێک پاش ئەوەی پاش چەک کردنی شارەبانیی مەهاباد خەڵک خۆی دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوە گرتبوو، لەشکری دەوڵەتی ناوەندی هات بۆ مەهاباد شاری داگیرکرد بەهاتنی لەشکری شا کۆماری کوردستان تێک شکاو و کۆتایی بەتەمەنی یازدە مانگەی یەکەم کۆماری کوردستان هات.

---

١٢- ٢١ی فێبویۆیری ١٩٤٧ی زایینی = ٢ی ڕەشەمەی ١٣٢٥ی هەتاوی؛ ئێعدامی ١١ کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە سەرۆک عەشیرەتەکانی فەیزوڵلابەگی و گەورەک لە شاری سەقز و ئێعدامی عەلی بەگی شێرزاد، فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی بۆکان لە شاری بۆکان.

١٣- ٢٣ی جانێویری ١٩٤٧ی زایینی = ٣ی رێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی؛ واتە ساڵێک و رۆژێک پاش ئەوەی بە سەرکۆماری کوردستان هەڵبژێرا، پێشەوا قازی و هاوڕێکانی مەحکووم بە ئێعدام کران بەڵام بەجێ هێنانی حوکمی ئێعدام وەدواخرا، ٦٦ رۆژی تەواوی پێ چوو تا لە رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ = ٣٠ی مارچی ١٩٤٧ دا حوکمی ئیعدام لە مەهاباد بەرێوە چوو.

---

١٤- نۆڤەمبەری ١٩٥٩ی زایینی = خەزڵوەری ١٣٣٨ی هەتاوی؛ هێرشی بەربڵاوی ساواک بۆ سەر رێکخراوەکانی حیزب کە نزیکەی ٢٥٠ کەس لە سەرانسەری کوردستان گیران و زۆریشیان پەرەوازەی باشووری کوردستان بوون.

---

١٥- ساڵەکانی ٦٧ - ١٩٦٨ ی زایینی = ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی؛ خەبات و تێکۆشانی سیاسی - چەکداری لە لایەن کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزب، بزوتنەوەی چەکداری ٤٦ و ٤٧ سەرباقی هەموو کەموکوورییەکان یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی فیداکاری و بەرخۆدانی رۆڵەکانی دێموکڕاتە. ئەگەرچی تەنیا ١٨ مانگی کێشاو بەهۆی هەلومەرجی سەختی خەباتی چەکداری لەو کاتداو ناهاوسەنگیی هێز تێکشکا، بەڵام کاریگەرییەکانی ئەو جووڵانەوەیە تا ئێستاش لەسەر بیرو ئەندێشەی خەباتکارانی سیاسیی کورد درێژەی هەیە.

---

١٦- زستانی ساڵی ١٩٥٢ی زایینی = ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی؛ سەرکەوتنی بەرچاوی کاندیدای حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد، لە هەڵبژاردنی دەورەی ١٧ی مەجلیسی شوڕادا. ئەم هەڵبژاردنە لە لایەن دەوڵەتەوە هەڵوەشایەوە و ئیمام جومعەی تاران وەک نوێنەری مەهاباد لە مەجلیس دیاری کرا، بێئەوەی کەس لە مەهاباد بیناسێ.

---

١٧- زستانی ساڵی ١٩٥٢ی زایینی = ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی؛ ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی موکریان بەدژی زوڵم و زۆریی ئاغا و دەرەبەگەکان لە پێوەندی لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا. ئەو ڕاپەڕینە لە لایەن دەرەبەگەکانەوە بە هاوکاریی لەشکری شا سەرکوت کرا.

---

١٨- جووونی ساڵی ١٩٥٥ هەتاوی = جۆزەردانی ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی؛ پێکهاتنی یەکەم کۆنفرانسی حیزب و هەڵبژاردنی ئەندامانی رێبەری حیزب لە کێوی قەڵاتەرەش پشتی گوندی سەیدئاوای بابەگەورە لەناوچەی پیرانشار. بەبەشداریی پازدە - بیست کەس ١٥ تا ٢٠. لەم کۆنفرانسەدا بڕیار درا حیزبی دێموکرات پێوەندیی تەشکیلاتیی خۆی لەگەڵ حیزبی توودە بپسێنێ.



سەرچاوە
Serchawe

**١٩- ١٩ی نۆڤەمبەری ١٩٦٤زایینی = ٢٨ی خەزڵوەری ١٣٤٣ی هەتاوی؛** دوای تێپەڕبوونی نۆزدە ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەم دا پێکهاتنی کۆنگرەی دووهەمی حیزب لە نێوان گوندی شێنی و گوندی سونێدا لە نێوان سەردەشت و قەڵادزێ. نوێنەری بەشدار لەم کونگرەیەدا سێ سەد و چەند کەس بوون. ئەم کۆنگرەیە جۆرێک لادان لە ڕێبازی دروستی سەربەخۆیی حیزب بوو. - ئەم کۆنگرەیە یەکەمین کۆنگرەی دوای تێک چوونی کۆمار.

هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی نوێ ئەحمەد توفیق وەک کەسایەتی یەکەمی حیزب.

---

**٢٠- سێپتەمبەری ساڵی ١٩٦٨ی زایینی = خەرمانانی ١٣٤٧ی هەتاوی؛** گیرانی سەدان کەس لە ئەندام و لایەنگرانی حیزب لە هەموو شوێنەکانی کوردستان، کە بەدوای ئەشکەنجەی زۆر لە پادگانی جەلدیان چەندین کەسیان لێ ئیعدام کران.

---

**٢١- ١٦ی ئاگۆستی ١٩٦٩ی زایینی = ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٤٨ی هەتاوی؛** کۆنفڕانسی دووهەمی حیزب. لە یەکێک لە گوندەکانی بناری قەندیل(سەر بە ناوچەی سەنگەسەر لە باشووری کوردستان. گرینگترین کاری کۆنفرانسی دووهەم، ساخکردنەوەی کۆمیتەی ناوەندی و دووبارە زیندوو و چالاک کردنەوەی تێکۆشان و خەباتی حیزب بووە.

---

**٢٢- جانێوێری ١٩٧١زایینی = ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی؛** دەرچوونی یەکەم ژمارەی دەورەی ئێستای "کوردستان"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب. لەو کاتەوە تا ئێستا "کوردستان" ٩٠٠ ژمارەی بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو بۆتەوە.

---

**٢٣- ١٣ی مای ١٩٧١ی زایینی = ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٥٠ی هەتاوی؛** کۆبونەوەی کۆمیتەی ڕێبەرایەتی حیزب بۆ چارە سەری ئەو ناکۆکی و ئالۆزییە فکرییەی کە بۆ ئەندامانی حیزب هاتبوو پێش، لە کۆبوونەویەک دا دوای راوێژو لێکدانەویەکی زۆر چەند بریاری گرینگ دران.

---

**٢٤- ٢١ی جوونی ١٩٧١زایینی = ٣١ی جۆزەردانی ١٣٥٠ی هەتاوی؛** پێکهاتنی کۆنفرانسی سێهەمی حیزب، بەبەشداری ٣٢ کەس لە شاری کۆیی لە باشووری کوردستان ئەو کۆنفرانسە کۆنفرانسێکی بەکەلک بوو و حیزبی هێناوەتەوە سەررەوتی ئاسایی خۆی. - کۆنفرانسی سێهەم حیزب کاری زۆر بوون، ئوسولی حیزبی پەسند کرد، ڕێبازی سیاسی دارِشت، بەرنامە و پێڕەوی نۆی بۆ حیزب پەسند و کۆمیتەی ناوەندیی نوێ هەڵبژارد کە لە ١١ کەس پێک هاتبوو. - ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان گۆردرا و بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی(ئێران) - هەڵبژاردنی دوکتۆر قاسملوو بە سیفەتی سکرتێری گشتیی حیزب.



سەرچاوە Serchawe

٢٥- ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٧٣ی زایینی = ١ی رەزبەری ١٣٥٢ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی سێهەمی حیزب بە بەشداری ٤٩ کەس نوێنەرانی رێکخراوەکانی حیزبی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لەشاری بەغدا.. پەسند کردنی بەرنامەو پیرەوی نیوخۆی تازە و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی - ئاڵ و گۆڕ لە ناوی حیزب دا پێکهات، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بو بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

بۆ جاری دووهەم دوکتۆر قاسملوو بو بە سکرتێری گشتیی حیزب.

---

٢٦- ٢٧ی جووڵای ١٩٧٧ی زایینی = ٥ی گەلاوێژی ١٣٥٦ی هەتاوی؛ زەختی حکوومەتی عێراق، هەڵ و مەرجی دژوار و هەستیار کۆمیتەی ناوەندی ناچار دەکا کۆمیتەی ناوەندی بچێتە فەرانسە و کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە شاری شانیومون لیڤون لە ماڵی کریس کوچرا بگری.

---

٢٧- ٧ی جوونی ١٩٧٨زایینی = ١٧ی جۆزەردانی ١٣٥٧ی هەتاوی؛ خۆپیشاندانی گەورە لە مەهاباد بەبۆنەی سێ ڕۆژانەی ناشتنی تەرمی کاک عەزیز یوسفی. ئەم خۆپیشاندانە سەرەتای دەستپێکردنی زنجیرە خۆپیشاندانەکانی دواتری خەڵکی کوردستان بەدژی ڕێژیمی شا لە کوردستان بوو.

---

٢٨- ٢ی مارچی ١٩٧٩ی زایینی = ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاوی؛ میتینگەی سەدهەزار کەسی لە ستادیومی وەرزشی مەهاباد، حیزب تێکۆشانی ئاشکرای نوێ بە فەرمی راگەیاند. لەم میتینگە شەهید دوکتور قاسملوو وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئامانج و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان و شیکردنەوەی سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەم کۆبوونەوەیە وەبیرهێنەرەوەی دامەزرانی "کۆماری کوردستان" مەزنترین ڕووداوی مێژوویی و پرشانازیترین دەسکەوتی نەتەوەیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بوو.

---

٢٩- ١٩ی فێبریوێری ١٩٧٩زایینی = ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی؛ گرتنی پادگانی مەهاباد لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بە یارمەتیی ئەرتەشییە شۆڕشگێڕەکان، ٨ ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران.

---

٣٠- ٣٠ی مارچی ١٩٧٩ی زایینی = ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی؛ تەحریم و بایکوت کردنی ریفراندوم و دیاری کردنی سیستمی حکوومەتی ئێران لە لایەن حیزب و بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان.

---



سەرچاوە
Serchawe

٣١- ١٦ی ئاگۆستی ١٩٧٩ی زایینی = ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی؛ ڕێ و ڕەسمێکی ئاشکرا ٢٥ی گەلاوێژ ٣٤ مین سالرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆشکی لاوان لە شاری مەهاباد.

---

٣٢- ١٩ی ئاگۆستی ١٩٧٩ی زایینی = ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی؛ راگەیاندنی جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد و هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنی حیزب لە لایەن خومەینی و سەپاندنی شەڕیکی سەرانسەری(شەری سێ مانگە)

---

٣٣- ٢١ی مارچی ١٩٧٩زایینی = ١ی نەورۆزی ١٣٥٨ی هەتاوی؛ سازبوونی شەڕ لە سنە لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستەوە. ئەوە یەکەم شەڕی ڕێژیمی تازە، دژی گەلی کورد و داخوازەکانی بوو.

---

٣٤- ٢٠ی ئەپریلی ١٩٧٩زایینی = ٣١ی خاکەلێوی ١٣٥٨ی هەتاوی؛ تەقەکران لە کۆبوونەوەی حیزبی دێموکرات لە نەغەدە و سازبوونی شەڕێکی خوێناوی.

---

٣٥- ١٧ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩زایینی = ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی؛ دەرچوونی پەیامی خومەینی لەسەر کوردستان، ئەو پەمامە بەکردوە بە مانای دانپێدانانی ڕێژیم بە شکستی خۆی و کۆتایی هاتنی شەڕی سێ مانگە بوو.

---

٣٦- ١٩ی فێبریوێری ١٩٨٠ی زایینی = ٣٠ی رێبەندانی ١٣٥٨ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی چوارەمی حیزب بەبەشداری ٣١٠ نوێنەر بەشێوەی ئاشکرا لە ساڵۆنی سینەما ئومێد بەڕێوە چوو. دوای کۆنگرەی یەک و پاش ٣٤ ساڵ ئەوە یەکەم کۆنگرە بوو کە بە ئازادی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەشاری مەهاباد دەبسترا.
بۆ جاری سێهەم دوکتۆر قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٣٧- ١٥ی جوونی ١٩٨٠ی زایینی = ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٥٩ی هەتاوی؛ جودا بوونەوەی تاقمی ٧ کەسی (بەناو پیرەوانی کۆنگرە یەک) بە هاندانی حیزبی توودەی ئێران کە ٦ کەسیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون.

---

٣٨- ١٤ی مارچی ١٩٨٠زایینی = ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٥٨ی هەتاوی؛ سەرکەوتنی زۆربەی کاندیداکانی حیزبی دێموکرات بۆ مەجلیسی شوڕای میللی لەو شوێنانەی کوردستان کە هەڵبژاردن بەڕیوە چوون.

---



سەرچاوە Serchawe

٣٩- ١٧ی جوونی ١٩٨٠ی زایینی = ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٥٩ی هەتاوی؛ دەستپێکردنی یەکەمین بەرنامەی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە دۆڵی شێخانی ناوچەی مەنگورانی مەهاباد.

---

٤٠- ٥ی دێسەمبەری ١٩٨١ی زایینی = ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی پێنجەمی(کۆنگرەی شەهیدان) حیزب. بەبەشداری نوێنەرانی هەڵبژێراوی کۆنفرانسەکان و ئامادەبوونی چەندین میوان لە گوندی شیوەجۆ لەناوچەی گەورکی لە نیزیک بنکەی دەفتەری سیاسی. سەردەشت. - چوون بۆ نێو شوورای نیشتمانی بەرگری - دروشمی رووخاندنی ڕێژیمی خومەینی پەسند کرا.

بۆ جاری چوارە دوکتۆر قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٤١- ٢ی جوونی ١٩٨٣زایینی = ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی؛ ئیعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهاباد لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە.

---

٤٢- ٢٢ی جانێویری ١٩٨٤ی زایینی = ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەمی حیزب بەبەشداری ٢٣٠ کەس لە نوێنەران پێک هاتنی کۆنگرەی شەشەمی حیزب لە گوندی گەلاڵەی ناوچەی شینکایەتی باشووری کوردستان.

- پەسند کردنی ئامانجی دوارۆژی حیزب (سوسیالیزمی دێموکراتیک) هەرچەند ناکۆکی یەکی توندی بیرو بۆچوونی لەسەر دەرکەوت.

جاری پێنجەم دوکتۆر قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٤٣- ٦ ی ئاگۆستی ١٩٨٤ی زایینی = ١٥ی گەلاوێژی ١٣٦٣ی هەتاوی؛ لە پلینۆمی دووهەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزب بریار درا ٢٦ی سەرماوەز بە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری بکرێ.

---

٤٤- ١٧ی دێسەمبەری ١٩٨٥ ی زایینی = ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی حەوتەمی حیزب(کۆنگرەی چل ساڵ خەبات) لە بیرەوەری رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دا لە گوندی کانی مێو باشووری کوردستان دەستی بەکار کرد کە سەرجەم چوار رۆژی خایاند. - کۆنگرە هاتنە دەرێی حیزب لە شورای نیشتمانی بەرگری بەکاری دروست و بەجێ زانی.

بۆ جاری شەشەم دوکتۆر قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---



سەرچاوە Serchawe

٤٥- ١٦ی ئاگۆستی ١٩٨٧ز = ٢٥ی گەلاوێژ ١٣٦٦ی هەتاوی؛ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبدا لە سەر یەک چەند سەعات بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە توندترین شێوە بە تۆپ و کاتیوشا کوتا. لەم ئاگربارانەدا ڕێژیم لە تۆپی شیمیایی کەلکی وەرگرت.

---

٤٦- ١٨ی جانێوێری ١٩٨٨ی زایینی = ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی هەشتەمی حیزب. هاتنە ئارای لیستی فیکس و دەست پێکردنی ناکوکیەکانی نێوخۆیی، لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان. - جیای دین لە دەوڵەت. - درێژ کردنی مەودای نێوان کۆنگرەکانی حیزب لە دوو ساڵەوە بۆ ٣ ساڵ.

بۆ جاری حەوتەم دوکتۆر قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٤٧- ٢١ی مارچی ١٩٨٨ی زایینی = ١ی خاکەلێوەی ١٣٦٧ی هەتاوی؛ جیابوونەوەی بەشێکی بەرچاو لە کادرەکان و پێشمەرگەکانی حیزب و ڕاگەیاندنی بوون و پێکهاتەی خۆیان لە ژێر ناوی "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ"دا.

---

٤٨- ٢٩ی جوونی ١٩٨٨ی زایینی = ٨ی پووشپەڕی ١٣٦٧ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنفرانسی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆرشگێر بە بەشداری ١١٢ نوێنەری هەڵبژێردراو لە ئۆرگانەکانی حیزب لە دوڵەرەقی باشووری کوردستان. ئەم کۆنفرانسە دوای جیابوونەوە ١٩٨٨ی زایینی لە دوای کۆنگرەی ٨ی بەرێوە چوو.

- بۆ یەکەم جار جەلیل گادانی وەک سکرتێری گشتیی هەڵبژێردرا.

---

٤٩- سێپتەمبەری ١٩٨٨ی زایینی = خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاوی؛ کوشتاری کەم وێنەی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران بە دوای ڕاگیرانی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا. لەم کوشتارەدا هەزاران زیندانی سیاسی لە سەرانسەری ئێران کوژران کە لە نێویاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی کورد دەبینران.

---

٥٠- ١٣ی جوولای ١٩٨٩ی زایینی = ٢٢ی پووشپەری ١٣٦٨ی هەتاوی؛ تیرۆری سکرتێری گشتیی حیزب، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵلاقادری ئازەر، د. فازڵ ڕەسووڵ لە ڤییەن بە دەستی دیپلومات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر مێزی وتووێژ.

---



سەرچاوە
Serchawe

٥١- ١٥ی جووڵای ١٩٨٩ی زایینی = ٢٤ی خەزەڵوەری ١٣٦٧ی هەتاوی؛ ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر سەبارەت بە تیرۆری دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتی حدکا، وێڕای مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامی، داوا لە دەوڵەتی ئۆتریش کرد کە لێپرسراوان بۆ دۆزینەوە و سزادانی بەڕێوەبەرانی ئەو جینایەتە سامناکە هەنگاوی جیدی و خێرا هەڵێنێتەوە.

---

٥٢- ١٢ی ئاگۆستی ١٩٩٠ی زایینی = ٢١ی گەلاوێژی ١٣٦٩ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرە نۆهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر لە گوندی قەڵا سەیدەی دوڵی شاوەێ سەر بەشاری ڕانیەی باشووری کوردستان. بەبەشداری نوێنەرانی هەڵبژێرداری ئۆرگانەکان و ڕێکخراوەکانی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات.
بۆ جاری دووهەم جەلیل گادانی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٥٣- ٢١ی دێسەمبەری ١٩٩١ی زایینی = ١ی بەفرانباری ١٣٧٠ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرە نۆهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(کۆنگرەی قاسملوو) لە "گەلی بەدران" لە نیزیک گوندی بەناوبانگی "زارگەڵی" لە ناوچەی ناسراویە (ناوچیا)باشووری کوردستان.
- پاراستنی مافی کەمینە لە نێو ڕیبەری حیزب دا.
بۆ یەکەم جار دوکتور سادق شەرەفکندی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٥٤- ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ی زایینی = ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی؛ تیرۆری مێکونووس. لەم پەلامارە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزب، کاک فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، هومایون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئەڵمان و نووری دێهکوردی، چالاکی سیاسی و دۆستی حیزب بە دەستی تێرۆریستە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کران.

---

٥٥- ١٢ی ئەپریلی ١٩٩٥ی زایینی = ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٧٤ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی دەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(کۆنگرەی پەنجا ساڵەی دامەزرانی حیزب)لە شاری هەولێری باشووری کوردستان. - کرانەوەی دەرگای دیالۆگ بۆ یەک گرتنی هەردوو بەشی حیزب.
بۆ یەکەم جار مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٥٦- ١ی مای ١٩٩٥ی زایینی = ١١ی بانەمەڕی١٣٧٣ی هەتاوی؛ پێکهاتنی گونگرەی دەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شورشگێرلە باشووری کوردستان. بەبەشداری نوێنەرانی هەڵبژێرداری ئۆرگانەکان و ڕێکخراوەکانی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات. - گۆڕینی دروشمی ستراتیژی حیزب لە خودموختاری بۆ مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ کوردستان.

بۆ سێهەم جاری جەلیل گادانی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٥٧- ٢٨ی جوولای ١٩٩٦زایینی = ٧ی گەلاوێژی ١٣٧٥ی هەتاوی؛ هاتنی هێزێکی دووهەزار کەسیی کۆماری ئیسلامی بۆ نێو قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی هێرش بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە نیزیک شاری کۆیە.

---

٥٨- ٩ی سێپتەمبەری ١٩٩٦ ی زایینی = ١٩ی خەرمانانی ١٣٧٥ی هەتاوی؛ وەرگیرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندامی چاودێری ئەنترناسیونالی سوسیالیست لە بیستەمین کۆنگرەی خۆی لە سالونی کوری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەگرتووەکان لە نیویورک. بە بەشداری مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزب.

---

٥٩- ١٠ی ئەپریلی ١٩٩٧ی زایینی = ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ی هەتاوی؛ دادگای بێرلین پاش سێ ساڵ لێکۆڵینەوە بریای کۆتایی دادگای بەناوبانگی میکونووس ڕاگەیاند و سەرانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامیی(خامنەیی و ڕەفسەنجانی)بەبەرپرسی ئەو جینایەتە ناسی.

---

٦٠- ٨ی جوولای ١٩٩٧ی زایینی = ١٧ی جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاوی؛ پاش ٩ ساڵ جیایی و لێک دابران لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرئەنجام یەکیەتی و یەک پارچەیی خوی وەدەست هێنایەوە.

---

٦١- ٢٢ی دیسەمبەری ١٩٩٧ی زایینی = ١ی بەفرانباری ١٣٧٦ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزب (کۆنگرەی خەباتگێرانی خۆڕاگر). لەشاری کەرکوک باشووری کوردستان. ئەوە یەکەمین کۆنگرە بوو کە بەدوای یەکبوونەوەی ڕیزەکان حیزبدا پێک دەهات.

بۆ دووهەم جار مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---



سەرچاوە
Serchawe

٦٢- ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠ی زایینی =٤ی سەرماوەزی ١٣٧٩ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لە شاری کۆیە باشووری کوردستان.- بڕیاری بەرچاوی کۆنگرە، گۆڕینی مەودای نێوان کۆنگرەکان، لە ٣ ساڵەوە بۆ ٤ ساڵ.

- بۆ سێهەم جار مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٦٣- ٣ی جوولای ٢٠٠٤ی زایینی = ١٣ی پووشپەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی؛ پێکهێنانی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب لە کۆیە. لەم کۆنگرەیەدا دروشمی بنەڕەتی حیزب لە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردوستان" ەوە گۆڕا و بوو بە "دابینکردنی مافە نەتەوەیییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا". - پەسند کردنی ئالای کوردستان.

بۆ یەکەم جار مستەفا هیجری وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٦٤- ٦ی دێسەمبەری ٢٠٠٦ی زایینی = ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥ی هەتاوی؛ دوو لەت بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بەهۆی کێشە ناوخۆییەکان. بەیاننامەی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان - ئێران.

---

٦٥- ٧ی ئاگۆستی ٢٠٠٧ی زاییمی = ١٦ی گەلاوێژی ١٣٨٦ی هەتاوی؛ دامەزرانی تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ. زمان حاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەمکاناڵ شوێنی گرینگی لەسەر پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕوونکردنەوەی سیاسەتەکانی حیزب لە دوای لەتبوونی حیزبی دێموکراتەوە هەبوو.

---

٦٦- ٦ی مارچی ٢٠٠٨ی زایینی = ١٦ی رەشەمەی ١٣٨٦ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی چاردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کویەی باشووری کوردستان. ئەم کۆنگرەیە یەکەم کۆنگرەی دوای دوو لەت بوونی حیزبی دێموکرات بوو.

- گەرانەوەی ناوی حیزب بۆ رۆژی دامەزرانی لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان.

- پەسند کردنی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فێدراڵ دا. وەک دروشمی ستراتیژی حیزب.

- بۆ یەکەم جار خالید عەزیزی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٦٧- ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٠٨ی زایینی = ٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٧ی هەتاوی؛ کۆنگرەی چاردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(کۆنگرەی بەجەماوەریتر کردنی خەبات) لە شاری کۆیە باشووری کوردستان.



سەرچاوە
Serchawe

- بڕیاری دیاری ئەو کۆنگرەیە، هەڵگرتنی تێبینیی دوو دەور سکرتێری بوو لە ئەساسنامەی حیزب.
- بۆ دووهەم جار مستەفا هیجری وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٦٨- ٢٣ی مای ٢٠١١ی زایینی = ٢ی جۆزەردانی ١٣٩٠ی هەتاوی؛ پێکهاتنی پازدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان.
- بۆ دووهەم جار خالید عەزیزی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٦٩- ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٢ی زایینی = ٨ی ڕەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی ئازادیی سەر بە شاری کۆیەی باشووری کوردستان بەڕێوە چوو.
- دروشمی کۆنگرە: هەوڵدان لە پێناو یەکڕیزیی حیزب.
- بۆ سێهەم جار مستەفا هیجری وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٧٠- ٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥ی زایینی = ٧ی سەرماوەزی ١٣٩٤ی هەتاوی؛ وەرگیرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەندامەتیی ئەسڵیی ڕێکخراوی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست. ئەم کۆبوونەوەیەی شورای ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە لواندا، پێتەختی ئانگۆلا گیرا.

---

٧١- ٢٢ی دیسەمبەری ٢٠١٥ی زایینی = شەو زستان (یەلدای خوێناوی)ی ١٣٩٤ی هەتاوی؛ تەقینەوەیەک لەبەردەم بارەگای دەفتەری سیاسی لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی شەوی یەلدا، ٨٦ ساڵەی لەدایکبوونی د. قاسملوودا ڕووی دا. لەم ڕووداوە تێرۆریستییەدا ٥ کادر و پێشمەرگەی حیزب و دوو پێشمەرگەی ئاسایشی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان شەهید بوون.

---

٧٢- ٦ی فێبریوێری ٢٠١٦ی زایینی = ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان (کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان) لە قەڵای دێموکرات لە شاری کۆیە. بەڕێوە چوو.
بۆ جار سێهەم خالید عەزیزی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٧٣- ٩ی جانێوێری ٢٠١٨ی زایینی = ١٩ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی؛ کۆبوونەوەی پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەم کۆبوونەوەیە بووە بەردی بناغەی پێکهاتنی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستانی ئێران".

---

٧٤- ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٨ی زایینی = ١ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی شازدەهەمی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ناوی "ڕاسانی ڕۆژهەڵات" لە جێژنیکانی دەشتی بەرانەتیی هەولێر باشووری کوردستان.
- هەیکەل و قەوارەی حیزب بە هێنانە ئارای گەڵاڵەیەک گۆردرا. سکرتێری گشتیی گۆردرا بە لێپرسراوی گشتیی
- کاک مستەفا هیجری بووبە لێپرسراوی گشتی

---

٧٥- ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی = ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی؛ پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەم پەلامارە تێرۆریستییەدا ١٦ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات شەهید بوون کە ٦ لەوان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون. لەم ڕووداوەدا زیاتر لە ٥٠ کەسیش بریندار بوون کە بەشێکیان ژن و منداڵ بوون.

---

٧٦- ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی = ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی؛ مانگرتنی بەشکۆ و سەراسەریی کوردستان لەسەر بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم مانگرتنە بۆ مەحکومکردنی پەلامارە مووشەکییەکەی ١٧ی خەرمانانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دێموکرات و ئێعدامی پۆلێک تێکۆشەری سیاسیی کورد لە لایەن ڕێژیمەوە، بەڕێوە چوو.

---

٧٧- ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩ی زایینی = ١٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی حەڤدەیەمین حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ژێر ناوی "کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان" و بە دروشمی "یەکریزی و تێکۆشان و هیوا بە دوارۆژ زامنی سەرکەوتنمانن" لە "قەڵای دێموکڕات" لە باشووری کوردستان بەڕێوەچوو،
بۆ جار چوارەم خالید عەزیزی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٧٨- ٢١ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی = ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١؛ دوای ١٦ ساڵ دابڕان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا و دوای بەئاکام گەیشتنی وتووێژەکانی نێوان ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوولایەنی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا کە بە بەشداریی سەدان کادر و پێشمەرگە و، کەسایەتییە سیاسییە دێرینەکانی حیزبی دێموکرات یەکیان گرتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

٧٩- ٣ی فێبریوێری ٢٠٢٥ی زایینی = ١٥ی ڕێبەندانی ١٤٠٢ی هەتاوی؛ بە بەشداریی سەرجەم ئەندامانی کۆنگرە (ئەندامانی ڕێبەری، نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەندامان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و ڕێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و هەرێمی کوردستان)، کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ناوی "کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان"دا کارەکانی خۆی دەست پێ کرد.

مستەفا هیجری بۆ پێنجەمین جار وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٨٠- ٢٩ی مارچی ٢٠٢٥ی زایینی = ١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٤ی هەتاوی؛ دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، ڕێزنامەیەکی بۆ ڕێزگرتن لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی حیزبی دێموکرات، پێشکەش کردن. ئەم ڕێزنامەیە هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ بەشێک لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، پێشکەشیان کرا.

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧٢٥ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٥ی زایینی

---






سەرچاوە
Serchawe